www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا  26-10-2006 23:28

# بیست و چوار نزای نیگار عەلی ...نزای 8

nigaral_24@freenet. de

مەرگی خەونە تاقانەكان
سەرەتا كە یەكمان ناسی
لە سەر باڵی كۆترە شینكە
بە ئاسمانێكی بێ هەورا هەردووكمان پێكەوە دەفرین
لە سەر پشتی دۆلفینێكدا
لە ناو دەریای قووڵی بێ بن هەردووكمان مەلەمان دەكرد
ئەو كاتانە ئاسمان هێدی بێ برووسكەو بێ هەور بوو
ئەو كاتانە دەریا خامۆش بێ تورەیی و بێ شەپۆل بوو
بەڵێنتدا هەروا دەبین
بەڵێنتدا مەرگی دار ئەرخەوان نەبێ
بەڵێنتدا مەرگی گوڵە هەنار نەبێ
بەڵێنتدا دار گوێزەكانی هەورامان بێ سۆزی پێكەنین نەبێ
بەڵێنتدا كە عاشقی گمە گمی كۆترەكان بین
بەڵێنتدا كە عاشقی رەوتی كەو و مسكی هەموو ئاسكەكان بین
ئەو كاتەنە لە باوەشی نەرمی هەورا پاڵ دەكەوتم
بە تریفەی مانگە شەو لایە لایەم بۆ دەكرا
بە جریوەی ئەستێرەكانیش دەخەوتم
كاتێك بەخەبەر دەهاتم
وورشەی چاوانی تۆم دەدی
خۆر سەرەتاتكێی لێم دەكرد
گەڵاكان چاویان دادەگرت
چۆلەكەكان
لە گەڵ سەمای گەڵاكانی داری ئەوین جریوە جریویان دەكرد
شانەی پرچی ئاڵۆزكاوم هەر بە تەنیا پەنجەی تۆ بوو
خۆشم دەوێیت سەمفۆنیای دەمەوبەیانی نێو جێگام بوو
ئەو رۆژانە وەک خەون بوون
تێپەرین و زۆر زۆر كورت بوون
تا وات لێهات
سواری پشتی ئە ژدیهای حەوت سەرت كردم
بە ئاسمانی رەش داگەراو
بە ناو دەریای تورەی پڕ شەپۆلدا دەتهێانم و دەتبردم
بە چاوی خۆم مەرگی دار ئەخەوانم دی
بە چاوی خۆم دار سنەوبەری گۆێژەم دی
سەمفۆنیای مەرگی بۆ دەچریم
بە چاوی خۆم هەورم بینی

داره مەیتی مەرگی خەونی تاقانەمی نابووه سەر شان
دەشتم بینی ووشک هەڵگەڕاو بێ سەوزی بوو
شاخم بینی بە بێ بەفر و بێ بەرزی بوو
ئەوکاتەنە تێگەیشتم
بە تەنها تۆ داهێنەری گشت ئەوانەیت
بۆیە منیش ناچاربووم و هاوارم کرد پڕ بە دنیا
ئاخر تەنیا تاوانی من هەر ئەوەبوو خۆشم ویستیت
دەسا تۆش جێم مە هێڵە
تا بتوانم سوجدە
بۆ پەیکەری دڵە بە بەرد بووەکەت ببەم
تا بۆ دوا جار نزا بکەم

نیگار عەلی... ئەڵمانیا... 26. 10. 2006